# ریکۆردەکانی (38) ساڵ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئێران

دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران تائێستا 12 خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بەڕێوەچووە و 7 کەس لە رابوردوودا وەک سەرۆک کۆمار هەڵبژێردراون.

(ئەبولحەسەن بەنی سەدر و محەمەد عەلی رەجایی) سەرکەوتووی دوو هەڵبژاردنی یەکەمی ساڵانی 1979 و 1981 سەرۆک کۆماری بوون، کە ماوەی سەرۆکایەتیان تەواو نەکرد.

ساڵی 1981 تەنیا ساڵێکە، کە تێیدا دوو هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری (خولەکانی دووەم و سێیەم) ئەنجامدراوە، چونکە لەو ساڵەدا دووەم سەرۆک کۆماری ئێران (محەمەد عەلی رەجایی) کە کەمتر لە مانگێک دوای هەڵبژاردنی وەک سەرۆک کۆمار کوژرا.

(بی بی سی)ی فارسی

FOCUS

| سەرۆک کۆمارەکانی ئێران دوای شۆڕشی ئیسلامی | |
|---|---|
| خولێکی ناتەواو | ئەبولحەسەن بەنی سەدر |
| خولێکی ناتەواو | محەمەد عەلی ڕەجایی |
| دوو خول | عەلی خامنەیی |
| دوو خول | ئەکبەر هاشم ڕەفسنجانی |
| دوو خول | محەمەد خاتەمی |
| دوو خول | مەحمود ئەحمەدی نەژاد |
| یەک خول | حەسەن روحانی |

## بەشداریی هاوڵاتیان

بە ڕوانین لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو دەردەکـەوێـت، کە لە خولی دەیەمی هەڵبژاردنەکاندا ساڵی 2009 بەشداری هاوڵاتیان لە خولەکانی پێشوو زیاتر بـووە. وەزارەتــی دەوڵـەت ژمـارەی بەشداربووانی لەو هەڵبژاردنەدا بە نزیکەی 39 ملیۆن و 400 هەزار کەس و ڕێژەی بەشداریی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو بە 84% ڕاگەیاند.

لە 38 ساڵی ڕابوردوودا خولی شەشەم، کە بە سەرکەوتنی ئەکبەر هاشمی ڕەفسنجانی بۆ دووەم جار کۆتایی هات، کەمترین ژمارەی هاوڵاتیان بەشداری دەنگدانیان کرد و لەو هەڵبژاردنەدا کەمێک زیاتر لە 50% ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو بەشدارییان کرد.

## تۆمارکردنی ناو و پەسەندکردنی

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی دەوڵەتی ئێران ژمارەی ئەوانەی ناوی خۆیان بۆ کاندید بوون بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران تۆمارکردووە هەوراز و نشێوی زۆری بە خۆیەوە بینیوە.

لە یەکەم هەڵبژاردنی دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران 124 کاندید بەشدار بوون، کە دوای کشانەوەی ژمارەیەک لە کاندیدەکان 96 کاندید لە ڕۆژی دەنگداندا کێبڕکێی یەکتریان کردووە. لەو کاتەدا هێشتا ئەنجومەنی پاراستن دانەمەزرابوو.

دوای خولی یەکەم ژمـارەی کاندیدەکان بۆ چەند خولێک کەم بوونەوە و تا خولی پێنجەم لە خوار 100 کەسەوە مایەوە.

### ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیان






بۆ هەڵبژاردنی خولی دوانزەیەم زۆرترین کەس (1636 کەس) و بۆ هەڵبژاردنی خولی سێیەم (46) کەس، زۆرترین و کەمترین ژمارەی کاندیدبووان پێکدێنن.

لە خولی دوانزەیەمدا بە رێژەی 99.6% رەتکردنەوەی کاندیدەکان هەبووە، زۆرترینی ئەوانەی ناوی خۆیان تۆمارکردووە بۆ کاندید بوون رەتکراونەوە.

## رێـژەی سەدی دەنگەکانی سـەرۆك کۆماری هەڵبژێردراو

بە گەڕانەوە بۆ نزیکەی چوار دەیە و یەکەم هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەکبەر هاشمی رەفسنجانی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات و ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی رابەری کۆماری ئیسلامی ئێران، خاوەنی زۆرترین دەنگن بە بەراورد لەگەڵ سەرجەم دەنگەکان.

| رێژەی دەنگەکانی سەرۆک کۆمارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران | | |
|---|---|---|
| ناو | ساڵ | رێژەی % دەنگەکان |
| ئەکبەر هاشمی رەفسنجانی | 1989 | 94.5 |
| عەلی خامنەیی | 1981 | 94.4 |
| ئەبولحەسەن بەنی سەدر | 1979 | 78 |
| محەمەد خاتەمی | 1997 | 69 |
| حەسەن روحانی | 2013 | 51 |

رەفسنجانی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1989دا توانی رێژەی 94.51% دەنگەکان بەدەست بێنێت و لەم لیستەدا پلەی یەکەمی گرتووە.

بەپێی راگەیەنراوی وەزارەتی دەوڵەتی ئێران کەمترین رێژەی دەنگەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماردا لە یەکەم قۆناغدا حەسەن روحانی هێناویەتی.

روحانی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2013دا زیاتر لە هەژدە ملیۆن و شەش سەد هەزار دەنگی بەدەستهێنا، کە دەیکردە 50.71% دەنگەکان.

## کەسایەتییە بەناوبانگەکان

لە 38 ساڵی رابوردووەوە، کە بۆ یەکەمجار هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕێوەچوو، رووخساری سیاسیی ئەم وڵاتە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە:

یەکەم ناکامی گەورە: (مەسعود رەجەوی) رابەری موجاهیدینی خەلقی ئێران بە ناوبانگترین کەسایەتی و لەو کەسانە بوو، کە بۆ کاندید بوون لە یەکەم هەڵبژاردندا ناکام بوو. هەرچەندە لەو کاتەدا ئەنجومنی پاراستن بوونی نەبوو، بەڵام رەجەوی بەهۆی دەنگ نەدانی بە دەستور و پابەندنەبوون بە دەستوری

## ژمارەی ئەوانەی ناویان بۆ خۆکاندید کردن تۆمار کردووە




کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، لەژێر فشاری (ئایەتوڵڵا خومەینی) ڕێگەی پێنەدرا بەشداریی کێبڕکێکانی هەڵبژاردن بکات.

سەرۆک کۆماری دوورخراوە: ئەبولحەسەن بەنی سەدر یەکەم سەرۆک کۆماری دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێستادا دوورخراوەتەوە. بەنی سەدر کە نزیکەی 78% دەنگەکانی هەڵبژاردنی ساڵی 1979ی بەدەسهێنا، دوو ساڵ دواتر لەلایەن ئەنجومەنەوە لە پۆستەکەی دوورخرایەوە و رایکرد بۆ فەرەنسا.

ئەو کاندیدەی لەسێدارە درا: (سادق قوتبزادە) وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەو کاتە و بەڕێوەبەری رادیۆ و تەلەفزیۆنی نیشتیمانی ئێران بوو، کە لە یەکەم قۆناغی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1982 بە تۆمەتی پیلانگێڕی دژی حکومەت لەسێدارە درا.

ئەو کاندیدەی کوژرا: (داریوش فروهەر) لە ڕووداوەکانی کوشتنە زنجیرەییەکاندا لە پاییزی ساڵی 1998دا کوژرا.

ئەو سەرۆک کۆمارەی تیرۆر کرا: (محەمەد عەلی ڕەجایی) دووەم سەرۆک کۆماری ئێران 28 ڕۆژ دوای گەیشتنە دەسەڵات لە تەقاندنەوەی تەلاری سەرۆک وەزیراندا کوژرا.

ئەو سەرۆکانەی کە کاندید بوونیان پەسەند نەکراوە: ئەنجومەنی پاراستن لە دووەم خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێراندا ساڵی 1981 وەک ئۆرگانی سەرەکی پەسەندکردنی کاندید بوونی ئەوانەی ناوی خۆیان تۆمار کردووە بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دامەزرا. مەهدی بازرگان یەکەم سەرۆک وەزیرانی ئێران دوای شۆڕشی ئیسلامی و نوێنەری ئەو کاتەی ئەنجومەن لە ناسراوترینی ئەوانە بوو، کە لە خولی چوارەمدا خۆکاندیدکردنی ڕەتکرایەوە. هەروەها هەر یەکە لە هاشمی ڕەفسنجانی و مەحمود ئەحمەدی نەژاد کە هەر یەکێکیان 8 ساڵ سەرۆک کۆمار ببوون، بۆ هەڵبژاردنی دواتر ڕەتکرانەوە.

کاندیدە گەمارۆدراوەکان: دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ساڵی 2009 کە مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەرکەوت و لە دووەم خولیدا دوای ئەوە دوبارە سەرکەوتوو بووەوە، (مەهدی کەروبی) سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی ئێران و میر حسێن موسەوی سەرۆک وەزیرانی سەردەمی شەڕ ڕەخنەیان لە ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە گرت و بە ساختە ناویان برد. لەو هەڵبژاردنەدا بەپێی ڕاگەیانراوی وەزارەتی دەوڵەت ژمارەی دەنگەکانی مەهدی کەروبی کەمتر لە دەنگە پوچەڵکراوەکان بوو. ئەم دوو کاندیدە هێشتا لە ماڵەکانی خۆیاندا ڕێگەی چوونە دەرەوەیان نییە.

زۆرترین بەشدار بوو لە هەڵبژاردنەکاندا: ئەکبەر هاشمی ڕەفسنجانی و محەمەد باقر قالیباف بە سێ جار بوونیان لە ناو کاندیدەکاندا ڕێکۆردیان هەیە.